KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-6-2007 12:29

## لەیادی (32) ساڵەی دامەزراندنی (ی ن ک) دا پێگەی گەنج ... پێگەیاندنی گەنج... هاوری رواندزی.

بەدرێژایی مێژووی گەلی کوردو شۆرش و راپەرینەکانی خەڵکی کوردستان، گەنج داینەمۆو رۆلێکی کارگەرو ئەکتیڤی بینیوەو هەبووە، لەدروستکردنی حزب و رێکخراوی پیشەیی و هەڵگیرسانی شۆرش، چونکە گەنج توانایەکی لە رادەبەدەری هەیە لە خوێندنەوەی رووداوو و قبوڵ و قبوڵ نەکردنی رۆژگارەکان، بۆیە گەنج هەمیشە پێشڕەو و هەڵسورێنەری رابوون و بەشداریکردنی راپەرینەکانی لەئەستۆ دابووە یا بەشێکی دیاربووەلەناو بزوتنەوەکاندا.



دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەکو رێکخراوێکی سیاسی نوی زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بەشداربوون لەدامەزراندن و درێژەدان بەو رێکخراوە، بێگومان لاو و گەنج بوون واتە لەدرێژەدان بەو بەرخودان و راپەرینانە بی دوو دلی بەهۆی توانایی ئەوانەوە ئەو مێژووە زێرینە دروست بوو یان تۆکمە کرا، واتە پێگەی گەنج بەهەموو رووداوە سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازیدا دیار بووەو هەبووە. گەنجی ئەو سەردەمە هەولی دەدا خۆی پێبگەیەنێ، خۆی (تەسقیف) دەکرد، بۆ ئەوەی پێگەی هەبی لەناو حزبدا یا لەناو کۆمەلگادا ئەوانەی کە لەناو یەکێتی دا رۆڵیان هەبوو زۆربەیان لە تەمەنێکی لاویدا بوون هەر بۆیە زۆر جار بەو گەنجانەیان دەووت: (ئەفەندیە سەر چەورەکان) ئێستاش هەڤاڵ مام جەلال لەزۆر کۆر و کۆبوونەوەدا لەیادەکانی خوێندکاران و لاواندا ئەم پەیڤە دووبارە دەکاتەوە بۆ گەنجەکان. ئەو گەنجانە بێگومان توانیان رۆڵ و دەوری خۆیان بگێرن لەناو شۆرشی نوێدا، بەهەوڵ و تێکۆشانی ئەو گەنجانەوە بوو توانرا جارێکی تر بلێسەی ئاگرێکی کوردانە لەسەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان بەڕابەرایەتی (ی ن ك) هەلبگری و دڕ بەشەوە زەنگ بدری. ئەو سەردەمە، گەنج دەستی دەگیرا، هاوکاری دەکرا، رێنمایی دەکرا تاببی بەنەوەیەکی باش و دڵسۆز بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی. ئایا گەنج ئێستا لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هەمان رۆڵی جارانی هەیە؟ ئەو گەنجانەی پێشوو کە شۆرشیان دەستپێکردوو یەکێتیان دامەزراند، ئایا ئێستا رێگە بەگەنج دەدەن بێنە پێش و ڕۆلی خۆیان لەناو ناوەندەکانی دەسەلاتدا بگێڕن. ؟ ئایا ئێستا پێگەی گەنج لەناو (ی ن ك) دا دیارە؟ لەناو یەکێتی نیشتمانی دا یان لەناو پارت و رێکخراوەکانی تردا؟ کێن ئەوانەی ناهێلن گەنج بێتە پێشەوە؟ ئایا یەکێتی گەنجی پێویست نی یە؟ ئایا یەکێتی بیری لەوە کردۆتەوەیا دەیەوی گەنج بێتە پێشەوە؟ هەموو ئەو پرسیارانە رۆژانە ئێمەی گەنج لەیەکتری دەکەین ئێمە پێمان وانی یە ئەو گەنجانەی پێشوتر کەشۆرشیان هەلگیرساندوەو یەکێتیان دامەزراند ئێستا نایانەوی یا رێگربن لەهاتنە پێشی گەنجدا. بەتایبەت جەنابی مام جەلال و زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی بۆ هەمیشە نۆی بوونەوەی یەکێتی و پیرنەبوونی یەکێتی، دەخوازن گەنج رۆڵی هەبی لەناو ئۆرگانە جیا جیاکانی یەکێتیدا. چونکە هەر پارتێکی سیاسی و رێکخراوێك ئەگەر بییەوی بەردەوام لەناوجەماوەردا بەزیندویی بمێنێتەوە و لەناو دەسەلاتدا زۆرینەبی، پێویستی بەجیلی تازەو نۆی هەیە. بێگومان ئەو جیلەش گەنجە. بۆیە پێویستە هەموو لایەك هەولبدات پێگەی گەنج لەناو حزب و پارتە سیاسیەکاندا بچەسپێنێت و هەبی. لەناو ناوەندەکانی دەسەلاتدا ئێشیان بسپێردرێت تاوەکو لەو پێگەیەدا لە خۆی بروانی و دەورو رۆڵی خۆی بزانی. ئەگەر سەیر بکەین لەهەموو ولاتانی پێشکەوتوو پیشتگیریەکی تەواو لەگەنج دەکرێت و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هاندەدرێت و پشتیوانی دەکرێن لەممارەسەکردنی بەهرەو تواناکانیان. چونکە هەر ئەوانەن دەبنە هەڵسورێنەری وڵات و لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا رۆڵیان دەبی. گەنج لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا پێگەی هەیە و دەشتوانی خۆی دروست بکات و رۆڵی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا هەبی.

من لێرەدا باس لەیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەم، لەدامەزراندنی (ی ن ك) دا گەنج دەورو رۆلی هەبووە، گەنج پێگەی هەبووە. گەنج خۆی پێدەگەیاندو رۆڵی خۆی دەگێرا لەهەموو بوارێکدا. هەرچەندە ئەو سەردەم جیاوازیشی هە بووە لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێمەدا، ئەوکات گەنج نەیدەتوانی لەترسی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی کورد بەئاشکرا کار بکات. بەڵام بی سڵە مینەوە دەیان توانی کارەکانی خۆیان بکەن و ئەرکەکانیان وەك تاکێکی کارا جێبەجێبکەن چونکە ئامانجە نەتەوەییەکان هاندەرو کاریگەر بوون، لە وازی کردنی رۆڵ و پێگەی لەبواری سیاسەتدا. بەڵام ئێستا سەردەم سەردەمی عەولەمەیەو کوردستان ئازادەو کوردێکی گەنجی ئەوسا سەرۆك کۆماری عیراقەو سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتمان هەیە کەچی ناتوانین وەکو گەنجی ئەوی رۆژی دەورو تە ئسیرمان هەبێت!چ لەناو حزبدا یاخود لەناو کۆمەڵگادا! من نازانم ئەم جیاوازیە بۆ؟لەبەرچی؟ ئەمانە هەموو پرسیارن بەروی ئەو کەسانەی کەکاتی خۆی گەنج بوون و کەس رێگای لێنەدەگرتن تا پێگەو مەکانەتیان هەبی. ئایا گەنجی ئێستا ئەو بەهرەو تواناییەی نی یەو ناتوانێت بێتەپێشەوە؟ یاخود رێگری هەیە؟ ئایا لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ری بەگەنج دەدری بۆ ناو سەرکردایەتی بۆ ناو مەکتەبی سیاسی و مەکتەبەکانی تر؟ بۆچی ئەگەر گەنجێك بەهرەو تواناکانی هەبوو لەناو حیزبدا هاوکاری نەکری و دەستی نەگیری تا بتوانی مارەسەی بەهرەی بکات و بێتە پێشەوە. بۆیە لەیادی (32) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێویستە یەکێتی بیر لەوە بکاتەوە کەگەنج بێنیتە پێشەوە وەپێویستە رێژەی هاتنە پێشی گەنج زیاد بکرێت دەبی ئەوەشمان لەیاد نەچێت هەموو لایەك پێویستی بەگەنج هەیەو شۆرشی گەنجیش لەهەموو شۆرشێك بەهێز ترە هیوادارم یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەمساڵ لەیادی دامەزراندنیدا بۆ ساڵی ئایندە بەبەرنامەیەکی پوخت بیر لەگەنج بکاتەوەو بیانهێنێتە پێشەوەو لەکۆنگرەی داهاتوودا ئەم بۆچوونە لەبەرچاو بگیری بۆ ئەوەی حیزب رۆژ بەرۆژ ساڵ بەساڵ لەنوی بوونەوە دابی. کەئەوەش ئامانجی هەر هەموومانە. چونکە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان حیزبی شەهیدان و خەڵکی کوردستانە.

hawrerwandzi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.